Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf-2019-31

# کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان

**یاسین أحمد عادل**

بەرپرسی بەشی پەروەدەو پێگەیاند لە ژیار بۆ پەروەرەو گەشەپێدانی مرۆیی

***Article Info***

Received: June, 2019

Revised: July, 2019

Accepted: August, 2022

***Keywords***

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان _خێزان _ تەڵاق _ تەکنەلۆجیا _ ئالوودە بوون.

***Corresponding Author***

**پوختە:**

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوەو گەشەیان کردووە و وەك ئامرازێکی سەرەکی و کاریگەر دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کۆمەڵگاکاندا سەپاندووە، رێژەی بەکارهێنەرانیشیان رۆژ لەدوای رۆژ لە زیاد بووندان و ملیارەهایان تێپەڕاندووەو هەموو ئاستەکانی تەمەنیش بەکاری دێنن و بۆتە بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخ.

دیارە تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەك هەر داهێنراوێکی تر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەویش پەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنانیانەوە هەیە. دەکرێت فاکتەرێکی ئەرێنی و بەسوود بێت وەك بەکارهێنانیان لەبواری پەیوەندی و بازرگانی و کاروباری پزیشکی و پەروەردەیی و زانستی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ...... تاد.

هەروەها بە شێوەیەکی فراوان کاریگەری نەرێنی و وەمەترسیداری درووست کردووە لەسەر لایەنی تەندرووستی و دەروونی مرۆڤ، هەروەها بڵاوبوونەوەی لادانی رەوشتی و رەفتاری و بڵاو بوونەوەی توندوتیژی و دزی و ساختەکاری و تاوانی جۆراوجۆر، ئەمەو رۆڵی گەورەی بینیوە لە هەڵوەشاندنەوەو تێکدانی شیرازەی خێزانی وکۆمەڵایەتی،هەروەها بەرز بوونەوەی رێژەی تەڵاق و تێکدانی ئاراستەی هزرو رەفتارو لادان لای منداڵ و هەرزەکارو گەنجان.

خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زەنگێکی مەترسیدارەو دەخوازێت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و رۆشنبیران و بیرمەندان و پسپۆڕان رۆڵی خۆیان ببینن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەمەڕ مەترسی و زیانەکان و ئالوودە بوون و خراپ بەکار هێنانی ئینتەرنێت.

## پێشەکی:

پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی بواری تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و ئینتەرنێت و بەکارهێنانە زۆرەکانی دەروازەی واڵا کردووە بۆ زۆر شت وەك گەڕان بە دوای زانیاری و پەیوەندی و بازرگانی و ئاڵوگۆڕی و زانیاری و کاروباری بانکی و توێژینەوەی زانستی و بواری پزیشکی و بازرگانی و پیشەسازی و پەروەدەیی و زانستی و..... تاد.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوەو گەشەیان کردووە و وەك ئامرازێکی سەرەکی و کاریگەر دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کۆمەڵگاکاندا سەپاندووە، رێژەی بەکارهێنەرانیشیان رۆژ لەدوای رۆژ لە زیاد بووندان و ملیارەهایان تێپەڕاندووە. چوون خۆی دەکاتە هەموو ماڵ و کوچەیەکدا بەبێ مۆڵەت وەرگرتن و هەموو ئاستەکانی تەمەنیش بەکاری دێنن.

دیارە ئینتەرنێت وەك هەر داهێنراوێکی تر لایەنی تاریکی و نەرێنی هەیە، ئەویش پەیوەندی بە شێوازی بەکارهێنانیەوە هەیە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەرو هۆکارێکی کوشندەن گەر بەشێوەیەکی خراپ بەکار هێنران, هەروەها دەکرێت فاکتەرێکی ئەرێنی باش بن ئەگەر بە شێوازێکی باش بەکاربهێنرێن، بە دەستەواژەیەکی تر دەکرێت بڵێین چەکێکی دوو سەرەیە دەشێت ببێتە مایەی زیادکردنی ئاستی رۆشنبیری و زانستی و بەها ئەرێنیەکان و بەکارهێنانیان لەبواری پەروەردەیی و زانستی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ...... تاد.

هەروەها بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی فراوان کاریگەری نەرێنی و خراپیشي۔ هەیە لەسەر لاشەی مرۆڤ و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کلتوری، هەروەها بڵاوبونەوەی هەڵسوکەوت و رەفتاری نەشیاوو خراپەکاری و لادان و بەدرەوشتی و توندوتیژی و تاوان، ئەگەر خراپ بەکارهێنران, ئەمەو رۆڵی نەرێنی بینیوە لە هەڵوەشاندنەوەی پایەکانی خێزان و بەرز بوونەوەی رێژەی تەڵاق و تێکدانی ئاراستەی هزرو رەفتار لای گەنج و لاوەکان.

لەم سەردەمەدا بەردەوام کۆنفراس و توێژینەوەی زانستی و پانێڵ و سیمینارو ۆرك شۆپ و خول و راهێنان لەسەر ئاستی جیهانی و ناوخۆیی ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بە کاریگەرییە

خـــراپ و مەترســـییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییـــەکان و چـــۆنێتی خۆپاراستن لێی.

بەهۆی گرنگی ئەم بابەتەوە لە میانەی توێژینەوەکەماندا کە بریتییە لە (کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەسەر خێزان) ، لە چەند رویەکەوە تاوتوێ وگفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە دەکەین, پرسەکە بەئەندازەی جیاواز پەیوەندی بە ژیانی هەموانەوە هەیە، هەوڵ دەدەین بگەینە هەندێ دەرئەنجام و راسپاردەی گرنگ لە کۆتایی باسەکەماندا بە مەبەستی هوشیارکردنەوەو بەرچاورووني بۆ خێزان و تاکی کورد .

**پلانی توێژینەوە**

**باسی یەکەم/** تایبەتمەندی و پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

تەوەری یەکەم / تایبەتمەندیەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

بەندی دووەم/ پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

**باسی دووەم/** کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کۆمەڵگا

تەوەری یەکەم/ کاریگەری ئەرێنی

تەوەری دووەم / کاریگەری نەرێنی

**باسی سێیەم/** کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان

تەوەری یەکەم / کاریگەری لەسەر هاوسەران

تەوەری دووەم: کاریگەری لەسەر رێژەی تەڵاق

تەوەری سێیەم/ کاریگەری لەسەر منداڵ و هەرزەکاران

**باسی چـوارەم /** ئاراسـتەو رێنمـایی بـۆ بەکارهێنـەرانی تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

تەوەری یەکەم: ئاراسـتەو رێنمـایی بـۆ حکومـەت و رێکخـراوە مەدەنییەکان.

تەوەری دووەم: ئاراستەو رێنمایی خێزانی

1

6- ئامـانجی تۆڕەکۆمەڵایەتیـەکان بریتییـە لـە دروسـتکردنی کەشـێك لـە پەیوەنـدی لـە کۆمەڵگایـەکی گریمانـەیی تـەکنیکی, کۆمەڵـە کەسـانێك لەناوچـەو وڵاتـە جیاوازەکانـدا لـە تـۆڕێکی دیـاریکراودا کۆدەکاتـەوە, ئەمانـە تێروانـین و ئاسـت و رەنگیـان جیاوازە، تەنها زمانی تەکنەلۆجییان یەکە.[2]

7- کۆبونەوەکان بۆ ئامانجێکی دیاریکراوە, جا ئەوە یەکترناسین بێت یان هاوکاری یان راوێژکاری یان تەنها بۆ بەسەربردنی کات, هـەروەها بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی تـازە یـان حـەزکردن لـە ناسینی خەڵکی و بەدەستخستنی زانیاری.[3]

**تـــــــەوەری دووەم/ پاڵنـــــــەرەکانی بـــــــەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان**

چەنـدین پاڵنـەر هەیـە هـانی کەسـەکان دەدات بـۆ بـەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم پاڵنەرانە جیاوازن لە روی ئامانج و هۆکارەوە, لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

1- هەنـدێ کـەس سـەفەر دەکـەن بـۆ دەرەوەی وڵات بـۆ خوێندن یان ئیشکردن یان چارەسەر بۆیە لەم ماوەیەدا لەرێی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە پەیوەنـدی بەخانەوادەوەکانیانـەوە دەکەن.

2- کێشـەی خـێزانی: زۆرکـەس پـەنا بـۆ تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دەبات وەك دەرباز بوون لەکێشە خێزانییەکان، بۆیە بە ناچاری بەدوای هاورێ و هاوەڵی نوێدا دەگەرێن تا لەو ژینگە خێزانییە ئاڵۆزە دەربازبن.

## باسی یەکـەم/ تایبەتمەنـدی و پاڵنـەرەکانی بـەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

### تەوەری یەکەم/ تایبەتمەندیەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان

تـــۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان تایبەتمەنـــدی زۆری هەیـــەو لـــە باسەکەماندا بەکورتی ئاماژە بە گرنگترینی ئەو تایبەتمەندییانە دەدەین:

1- جیهـــانی: تـــۆڕە کۆمەڵایەتییـــەکان هـــەموو ســـنورە جوگرافییـــەکان و ســـنوورە نێودەوڵەتییـــەکان دەبـــەزێنێت ، کەسـەکان بـە سـانایی پەیوەنـدی دەکـەن لەهەرشـوێنێکی گـۆی زەوییدا بن.

2- کارایی: کەسـەکان لـەم کۆمەڵگەدا ئەندامێکی کاراو چالاکن، بابەت دەنێرن ، دەخوێننەوە، دەنووسن و بەشداری دەکەن و گـوێ دەگـرن و گفتوگـۆ دەکـەن، رۆڵی نـەرێنی نـابینن کـە تـەنها گوێ گرتن و تەماشاکردن بێت.

3-جـۆرێتی و فـرەیی بـەکارهێنان: هەرکەسـەو بـەپێی خواسـت و حـەزی خـۆی بـەکاری دێنێـت، قوتـابی بـۆ فێربـوون ، زانـا بـۆ فێرکـردنی خـەڵکی و نووسـەر بـۆ پەیوەنـدی لەگـەڵ خوێنـەران و کەسانی تر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن .......تاد.

4- ئاسـانی بـەکارهێنان: تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان زمـانێکی سـادە بـەکاردێنێت کـە بریتیـە لـە هێمـا و وێنـە ، کـە ئەمـەش کارئاسانییە بۆ بەکارهێنەر.

5- گێرانەوەی کات و ئابوریانەیە: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات و هـەوڵ و پـارەت بـۆ دەگەرێنێتـەوە، ئەمـەش بـە هـۆی خـۆرایی بـەکارهێنان و تۆمـارکرن و یـان سـانایی هێماکـانی بـەکارهێنان، هەربۆیـە هـەموو کـەس دەتوانێـت تۆڕەکۆمەڵایەتیـەکان بەکاربێنێت و قەتیس نەبێت لە کەسانی دەوڵەمەندو خاوەن ســـەرمایە، یـــان دەســـتەو کۆمەڵەیـــەکی دیـــاریکراو.

3- نەبوونی هەلی کار: گەنجانێکی زۆر بەهۆی بێکارییەوە پەنا دەبەنە بەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کات بەسەربردن .

4- کـــاتی بێکـــاری : هەنـــدێك کاتـــە بەتاڵـــەکانیان بـــە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بەسەردەبەن و پەیوەندی بەهاورێ و دۆستانیانەوە دەکەن و هاوەڵی تازە پەیدا دەکەن تا وەڕس و ماندوو نەبەن و کەشێکی خۆش بۆ خۆیان فەراهەم بهێنن.[4]

## باسی دووەم/ کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

### تەوەری یەکەم/ کاریگەری ئەرێنی

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لـەم سـەردەمەدا کۆمەڵێك شـوێنەواروو کاریگـەری ئـەرێنییان هەیـەو دەخوازێت بـاسی لێـوە بکـەین و لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەهەندێکیان دەدەین:

**یەکەم: بەکارهێنانی کەسی**

ئەم شـێوازەیان زۆر بـەربڵاوەو بەردەوام رێژەی بـەکارهێنان لـە زیادبووندایـە، لەمیانـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە خـەڵکی زانیاری و نامەو دۆسیەی تایبەت و ڤیدیۆو.... ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەمـەو پانتاییـەکی فراوانـە بـۆ ناسـین و هاورێیـەتی و پەیوەنـدی کردن بـە هاورێ کۆنـەکان و سازانی کەشـێکی خـۆش وگونجاو، هـەروەها بـوارێکی باشـە بـۆ بەدەسـت خسـتنی زانسـت و ئاشـنا بـوون بـە کلتـورو رۆشـنبیری گـەلان و، دەربـڕینی راو بۆچـوون و حـەزو خولیای کـەسی، بەدەسـت هێنـانی ئـەزموون و شـارەزایی جۆراوجۆر.[5]

**دووەم: بەکارهێنانی زانستی**

ئـەم قۆناغـە دەخوازێـت تـەکنولۆژیای هاوچـەرخ لـەبـواری زانسـت و فێربـوون و توێژینـەوەی زانسـتییدا بـەکار بهێنرێـت،

ئەمڕۆ زانیاری و داتایەکی بێ شووماری لە تۆڕەکاندا بڵاوبۆتەوە و تۆڕەکان بوونەتە کۆمەڵگایەکی زانستی خەڵکانی تایبەت سوودیان لێ دەبینێت.

**سێیەم: بەکارهێنانی حکومی**

زۆرێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە میانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییان لەگەڵ هاوڵاتییاندا دەبەستن تا ئەدای کاری حکوومییان بۆ دەرکەوێت و پێشی بخەن، ئەم کارو خزمەت گوزارییەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانەو تێچوونی کەمەو راستەوخۆ پەیوەندی بە سوود مەندانیەوە هەیەو دەرەنجامیشی دەست دەکەوێت ئەمەش وادەکات دەزگا حکوومییەکان هەڵەو کەمووکورتییەکانیان بزانن و بە خێرایی چارەسەری بکەن و باشترین خزمەت گوزاری پێشکەش بە هاووڵاتییان بکەن.

**چوارەم: بەکارهێنانی هەواڵی**

ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵ و زانیاری سیاسی و پروپاگەندەیی، ئەم هەواڵانەش بەوە جیا دەکرێتەوە کەلەسەرچاوەی یەکەمەوەیەو زۆر جار کەسەکان خۆیان دای دەرێژن پیشەیی و بابەتی لەدارشتن و رێکخستنییدا نییە.[6]

**پێنجەم: بەکارهێنان لە بواری پەروەردەو بانگەواز**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسۆیەکی فراوانی کردۆتەوە بۆ بواری پەروەردەو بانگەوازی ئیسلامی لەگەڵ مسوڵمانان و لایەنەکانی تردا بە جیاوازی زمان و رەگەزو وڵات و کلتور، لەم بوارەدا زانایان بانگخوازان و پەروەردشکاران و خەڵکانی تری خەمخۆر بە ئایینەکەیان سایت و پەیجو ..... خۆیان هەیە بەمەستی بڵاو کردنەوەی ئیسلام و پەروەردەو رۆشنبیرکردنی مسوڵمانان بە ئایینەکەیان.[7]

**تەوەری دووەم/ کاریگەری نەرێنی**

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری و شوێنەواری خراپ و نەرێنی زۆری هەیە لەسەر تاکو کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکاندا، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

**1- ئالودەبون**

ئالوودە بوون بریتییە لە راهاتن و خووگرتن بەشتێکەوە کەنەتوانی وازی لێ بهێنی و دەست بەرداری بیت. مەبەستیش لە ئالوودە بوون بە نێتەوە زێدەرۆیی لە بەکارهێنانی تۆڕەکان و پشت بەستن پێی و بوونی حەزو خولیایەکی بێ ئەندازە بۆ تۆڕەکان، بەشێوەیەك کاری سەرەکی ببێتە بەکارهێنانی نێت ومانەوە بەلای کۆمپیوتەر یان مۆبایلەوە، بەشێوازێك ببێتە دیل و کۆیلەی نێت. [8]

یان بریتییە لە لاوازی خۆگری بەرامبەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشێوەیەك نەتوانرێت وازی لێبهێنرێت یان لێی دوور کەوێتەوە, بەتەواوی بەسەریدا زاڵ بێت و کاربکاتە سەر کارو فەرمانی رۆژانەی لەروی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەوە.[9]

بۆیەکەم جار زانای دەروونی ئەمریکی (کیمبر لی یۆنگ [10]) زاراوەی ئالوودە بوونی ئەلیکترۆنی بەکاری هێنا، ناوبراو ئالوودەبوون وا پێناسە دەکات کەبریتییە لە بەکارهێنانی نێت زیاتر لە (38) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا.[11]

کاتێك کەسێك رابێت لەسەر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوا تووشی ئالودەبون دەبێت و لە دەرئەنجامدا توشی نەخۆشی دەرونی هاوچەرخ دەبێت وەك ( نا ئارامی, دودڵی، تورەیی، سەرگەردانی, ..... تاد.

ئالودەبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەندین دەرهاویشتەی نەرێنی هەیە لەوانە: کەمتەرخەمی لە ئەرك و بەرپرسیارێتی ئایینی و نەبوونی ئارامی خێزانی و وەزیفی و دابەزینی ئاستی زانستی لای قوتابیان و لاوازی تەرکیز و لەبەرکردن و ئاگایی، نەمانی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی و بایەخنەدان بە سیلەی رەحم و خزمایەتی و ئەمانەو چەندین زیانی تر کە دەرهاویشتەی ئالودەبوونە بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

ئالودەبونی ئەلیکترۆنی بەفیڕۆدانی کات و فەوتانی تەمەنە، ئەمەو لەدەست چوونی تەمەن خراپترین جۆری بەفیڕۆدانە, چونکە فەوتانێکە نە لە دونیا و نە لە دوارۆژدا سودی لێنابینرێت و قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵام رەنگە بەفیڕۆدانی ماڵ و سامان قەرەبوو بکرێتەوە لە ئایندەدا.

مەترسییەکانی ئالودەبونی ئەلیکترۆنی دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە ئەدای کارەکان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر خێزان و منداڵ و وەزیفەو کەسوکار و کۆمەڵگە، ئەمەش دەقەکانی شەریعەت و ژیری رەتی دەکاتەوە.

هەروەها کەموکورتی لە ژیانی گشتی و سیستەمی ژیاندا درووست دەکات، خواردن و خواردنەوە و خەوتن و حەسانەوە دەشێوێنێت.[12]

**2- دابڕان لە واقیعی ژیان**

لەگەڵ زۆر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا کەسەکان وایان لێ دێت پێویستییان بە مامەڵەکردن لەگەڵ چوار دەور کەم دەبێتەوە لە ژیانی رۆژانەیاندا، ئەمەش وا دەکات بەکارهێنەران کارامەیی پەیوەندی کردن لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگەو خەڵکانی دەوروبەریاندا لە دەست بدەن.

3- **بڵاووبونەوەی خراپەکاری و چەندین بەهای ناشیرین و قێزەون**

کەسانێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بەردەوام بەهای ناشیرین و بەدرەوشتی و خراپەکاری و داوێن پیسی ـ بڵاودەکەنەوە و شیرازەی تاك و خێزان دەشێوێنن.[13]

**دووەم: بڵاوبوونەوەی تاوان و لادان**

لێرەدا ئاماژە بەچەند تاوان و لادان و خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەین:

1- بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی روخێنەرو بانگەشەی گومڕایی و دەستەو تاقمی خراپەکار.

ئەمەش دەبێتە هۆی رووداونی ئەمنی و هزری لە کۆمەڵگادا، چونکە زۆربەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گەنجان ئەم توێژەش بەئاسانی فریو دەخوات و لەڕی لادەدات بەو بانگەشە فریودەرانەی کەبەرووکەش چاکسازییەو لەناوەرۆکدا بۆ روخان و تێك چوونی شیرازەی کۆمەڵگایە.[14]

2- بڵاوکردنەوەی بابەت و فلیمی نەشیاوو ئابڕوبەرانە

بابەتی بەرەڵایی و داوێن پیسی ـ و لەشفرۆشی مەترسی و نەخۆشییەکی ترسناکی سەرکۆمەڵگاکانە لە کۆن و نوێدا وەزارەتی دادی ئەمریکی لە توێژینەوەیەکیدا روونی کردۆتەوە کەبازرگانی لەشفرۆشی و داوێن پیسی بازرگانییەکی گەورەی رەواجدارە و

سەرمایەکەی هەشت ملیار دۆلارە، ئەم بازرگانییە پەیوەندییەکی توندی هەیە بە تاوانە ڕێکخراوەکانەوە.
بازرگانی لەشفرۆشی شێوازی جیاجیا لەخۆ دەگرێت وەك كتێب و گۆڤارو شریتی ڤیدیۆو کەناڵی ئاسمانی و ئینتەرنێت، بەپێی ئاماری دەزگای ئیستیخباراتی ئەمریکی ( ئێف بی ئای ) بازرگانی لەشفرۆشی سێیەم سەرچاوەی داهاتی تاوانە ڕێکخراوەکانە دوای تلیاك و قومار .[15]

3- ناوزڕاندن و ئابڕوبردن و فێڵکردن و ساختەکاری

ئەم جۆرە تاوان و لادانانە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر دەردەکەوێت ، چونکە بەئاسانی بڵاودەکرێتەوە و دەسڕێتەوەو گۆڕانی بەسەردا دێت ، ئەم کارانەش پێویستی بە شارەزایی زۆر نییە لە بواری تەکنۆلۆژیی و بەرنامەسازی ، کارەکانیش پاڵپشتی یاسایی و شەرعی نییە و هەروەها پێویستی بەبەڵگەو شیکرکردنەوەو سەلماندن نییە لەبەرامبەردا هیچ یاسایەکی بە هێزی ئەوتۆ نییە ڕووبەڕووی ئەم تاوان و لادانانە ببنەوە.[16]
هەر لەم سۆنگەیەوە زۆرێك لە وڵاتان یاسای سزادان هەمواردەکەنەوەو یاسای تایبەت لەمەڕ خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەردەکەن وسزای توند دادەنێن بەرامبەر ئەوتاوانانەی لەڕێی ئینەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت.ئەمەو ئەنجومەنی وەزیرانی نێوخۆی وڵاتە عەرەبییەکان کار دەکەن بۆ دانانی یاسایەکی گونجاوو دامەزراندنی یەکەیەکی ئاسایشی- تایبەت.[17]

**سێیەم: پێشێلکردنی مافە کەسی و گشتییەکان**

تایبەتمەندی کەسی و مانەوی نێو سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مافی پارێزراوی کەسەکانەو هەر پێشێل کردن و پەلاماردانێکی تاوانەو دەبێت پێشێلکار ڕووبەڕووی سزاو لێپێچینەوە بێت.
بەڵام بڵاو بوونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونی تایبەتمەندی کەسی و کۆمەڵایەتی شێواندووە، بەئاسانی لە لایەن کەسانێکەوە دەسکاری و گۆڕانکاری زانیارییەکان دەکرێت و بەخراپ زانیارییەکانی بەکاردەهێنرێت.[18]

## باسی سێیەم/ کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خێزان

**تەوەری یەکەم / کاریگەری لەسەر هاوسەران**

**1- لاوازی پەیوەندییە خێزانییەکان**

بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییە خێزانییەکان توشی لاوازی و ئاڵۆزی بۆتەوەو سیمای تاکی و خۆ ویستی زاڵ بووە لەنێو کەسەکان و پەیوەندی و کاریگەری لە نێوان تاکەکانی خێزاندا بەرەو کەمی ڕۆشتووە بەتایبەت لە نێوان هاوسەران و پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایبابدا، سەرەڕای ئەوەی ئەم تۆڕانە بیرۆکەی ڕووخێنەر پەخش دەکەن کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك دەکات لە خێزاندا.

**2- هاوسەران گفتوگۆی خێزانی ئەنجام نادەن**

هەر یەك لە هاوسەران بەهۆی خەریك بوونیانەوە بە مۆبایل و چونە نێو دەریای بێ پایانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە ،کارە سەرەکییەکانیان فەرامۆش کردووەو کاتیان نەماوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو چارەسەری کێشەکانی خێزان و منداڵ ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان وهەڵوەشانەوەی .[19]

**3- کێشەی ئابوری و ڕەچاونەکردنی دۆخی دارایی خێزانەکان**

ئەندامانی خێزان بەهۆی گەڕانیان لە تۆڕەکاندا و بینینی ڕیکلامی جۆراو جۆر بۆ شمەك و کاڵاکان ئارەزووی بەکارهێنانیان زیاد دەکات بێ ڕەچاوکردنی تواناو باری دارایی خێزان، ئەمەش بوجەی خێزانی شەکەت دەکات و دواتر کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.[20]

**4- ناپاکی خێزانی**

لەگەڵ گەشەکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا زاراوەی ناپاکی ژمارەیی هاتە ئاراوە, هەڵسووکەوت و ڕەفتاری نەشیاوی وا هاتە ئاراوە کەنامۆبوون بە ئاین و ڕەوشت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان چوونکە کەسەکان بەئاسانی و بێ کۆسپ و لەمپەر پێکەوە بەڕەهایی گفتو گۆ دەکەن .
ناپاکی هاوسەرەکان لەم سەردەمەدا زۆر ئاسانە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، چونکە لە میانەی بەکارهێنانی تۆڕەکانەوە پەیوەندی ناشەرعی دروست دەبێت و لە دەرەنجامی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی نامەو وێنەو دیدارو بەیەك گەیشتن.... تاد.
لەپایاندا کێشەو کارەساتی لێدەکەوێتەوەو کۆتایی بە ژیانی هاوسەرگیری دێت.ناپاکی ئەلیکترۆنی دەرەنجامی نەبوونی چاودێرییە لەلایەن خێزانەکان و کۆمەڵگاوە، هەروەها لاوازی پەروەردەی ئایینی و ئالودەبون و مانەوە بۆماوەیەکی زۆر لەسەر ئینتەرنێت، ئەمەش هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە.[21]

## بەندی دووەم: کاریگەری لەسەر ڕێژەی جیابوونەوەی خێزانی

خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کێشەی خێزانی نێوان ژن و مێردی زیاد کردووەو بۆتە هۆکاری جیابونەوەو هەڵوەشانەوەی خێزانەکان و زۆر جار ژنەکە پەنا بۆ دادگا دەبات و داوای جیابونەوە لە مێردەکەی بەرز دەکاتەوە، یان بەپێچەوانەوە مێردەکە داوا بەرز دەکاتەوە.
بۆیە جیابوونەوەی ژن و مێرد بەهۆکاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەهەڵکشاندایەو بۆتە شتێکی ئاسایی و کەیسی دادگاکان پڕن لەشتی نامۆو سەیروسەمەرە.
زۆر مانەوە بەلای تۆڕەکانەوە کەلێنی زۆری خستۆتە نێوان خێزانەکانەوەو زۆرێك لەژنان هاواریان لێ هەستاوە بەهۆی ئالوودەبونی مێردەکانیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و فەرامۆشکردنی ماڵ و خێزان و منداڵ و ئەرکەکانی تری سەرشانیان.
تۆڕە کۆمەڵاتیەکان بونەتە مایەی مەترسی و بە هەڕەشەیەکی گەورە لە بەردەم خێزانەکاندا دێنە ئەژماردن، شارەزایان و پسپۆڕان دەڵێن ئالوودەبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چاتکردن لەگەڵ کەسانی تر دەبێتە هۆی لادانی ڕەوشتی و بەرەو ناپاکی هاوسەرگیری, دواتر بەرەو جیابونەوە دەڕوات.
بەپێی توێژینەوەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فەیسبوك بە نموونە هۆکاری بەشێکی زۆری ڕێژەی تەلاقە لە ئاستی جیهان بەعێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە.
نامەکانی واتس ئەپ بونەتە مایەی جیابونەوەی 40% ی هاوسەران لە ئیتاڵیا بە پێی مەزەندەی پارێزەرانی هاوسەران لە ئیتاڵیا. [22] .

خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن خێزانەکانەوە بۆتە مۆتەکە بەسەرکۆمەڵگادا زەنگێکی مەترسیدارە لەسەر مرۆڤایەتی و ژیانی خێزانی لەلێواری هەڵوەشانەوەو داڕوخاندایە ، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەرێژەی تەڵاق دەدەین لەچەند وڵاتێکی دراوسێ و جیهاندا بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە:

1- شانشینی سعودییە:

بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە بەهۆی بەکارهێنانی نێت لەلایەن هاوسەرەکانەوە رێژەی تەڵاق لەو وڵاتەدا لە بەرز بوونەوەیەکی مەترسیداردایە، بەپێی توێژینەوەیەك كە دكتۆرە ( الجوهرة بنت فهد ال سعود) بەناونیشانی ( التاثير السلبي للانترنت على مشاكل النزاع الاسري الذي يؤدي الى الطلاق) ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کەرێژەی تەڵاق بە هۆی نێتەوە لە هەڵكشاندایە بەتایبەت لەشاری ریازی پایتەختدا کەنزیکەی لە 24% ی حاڵەتی تەڵاق بەهۆی خراپ بەکارهێنانی نێتەوەیە لەمیانەی چاتکردن و ناسین و پەیوەندی کردنەوە، هەروەها ئالوودە بوونی هاوسەران بە تۆڕەکانەوە هەڵی پێکەوە ژیان و گونجانی لە نێوان هاوسەران کەم کردۆتەوەو کێشەی خێزانییان بۆ درووست دەبێت و سەرەنجام بە جیابوونەوە کۆتایی دێت.[23]

2- ئێران

پۆلیسی نێت لە ئێراندا رایگەیاندووە کە رێژەی یەك لەسەرسێی حاڵاتی جیابوونەوە بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوەیە. ئەمەو لە ئێراندا 17 ملیۆن کەس فەیسبووك بەکار دەهێنی هەرچەند دەسەڵات بەبڕیارێکی فەرمی تۆڕی فەیسبووك و پێنج هەزار پێگەو تۆڕ تری قەدەغە کردووە بەپاساوی لادانی رەوشتی.[24]

3- شانشینی ئوردن

بە پێی توێژینەوە فەرمییەکان رێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگای ئوردنیدا لە هەڵكشاندایەو لە 25% زیادی کردووە خراپ بەکار هێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکانن.[25]

4- کوێت

سەرچاوە دادوەرییەکانی کوێت ئاماژە بەوە دەکەن کە ئینتەرنێت یەکێکە لە هۆکارەکانی تەڵاق و لاوازی پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەوڵاتی کوێتدا.

5- فەرەنسا

بەپێی راپرسییەك کەپێکەی( تەڵاق ئۆن لاین) ئەنجامی داوە پێنج هەزار کەس لەهەردوو رەگەز کە جیابوونەتەوە لەیەکتری بەشداریان تێدا کردووە، دەرکەوتووە کەتۆڕی فەیسبوك هۆکاری سێیەکی حاڵەتی تەڵاقەکانە.

6- بەریتانیا:

توێژینەوەیەکی بەریتانی کەپێگەیەکی تایبەت بەکارووباری خێزان و تەڵاق ئەنجامی داوە لە بەریتانیا لە 33% داوای جیابوونەوە لەیەکتری بەهۆی خراپ بەکارهێنانی تۆڕی فەیسبووکەوەبووە.[26]

7- عێراق

ئەمەو لەعێراقدا رێژەی تەڵاق لە هەڵكشانێکی مەترسیداردایە بەهۆکاری جیاجیا یەکێك لەهۆکارەکان خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. دادگای عێراقی جەخت لەوە دەکاتەوە یەکێك لە هۆکارەکانی تەڵاق بریتییە لە سوکایەتی ئەلیکترۆنی ، بەشێك لە تەڵاقەکان بە پلەی یەکەم بەهۆی تۆڕی فەیسبوکەوەیە ئینجا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تر.[27]

ئەمەو لە عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی ئاماری ساڵی 2018ز( 245269 ) گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراوە، رێژەی تەڵاقیش بریتییە لە (73569). هەروەها بەپێی ئاماری مانگی کانونی دووەم تا کۆتایی مانگی تەمموزی ساڵی 2019ز ( 149304) گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراوەو (31882) پەسەندکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری کەلەدەرەوەی دادگا ئەنجام دراوەو (29587) حاڵەتی پەسەندکردنی تەڵاق دەرەکی و (10367) تەڵاق جیاکردنەوە بە بڕیاری دادگا.[28]

دیارە هۆکارەکانی تەڵاق جیاوازن بەڵام ئامارەکان ئاماژە بە هۆکارەکانی تەڵاق ناکات،بەڵکو هۆکارەکان لەنێو دۆسیەکان و بڕیارەکاندایە، ئەمەش کەلێن و کەمووکورتییەکی گەورەیەو ئامارێکی زانستی و بابەتی نییە تا توێژەران و لایەنی پەیوەندیدار سوودی لێ وەرگرن.

لەهەرێمی کوردستانیش بە پێی ئاماری ساڵی 2016ز رێژەی مارەبڕین ( 31183) رێپێدان بە ژنی دووەم ( 239) پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی ( 1743) تەڵاق و لێکجیابونەوە ( 5814) .[29]

لەم ساڵەدا تەڵاق و لێکجیابونەوە بەهۆی تەکنەلۆجیای سەردەم ( مۆبایل، ئینتەرنێت) لە پارێزگای هەولێر (186) حاڵەت, لە پارێزگای دهۆك (10) حاڵەت، بەڵام پارێزگای سلێمانی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە.

بە پێی ئاماری ساڵی 2017ز رێژەی مارەبڕین ( 37507) رێپێدان بە ژنی دووەم ( 41) پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی ( 1260) تەڵاق و لێکجیابونەوە ( 5729) .[30]

بە پێی ئاماری ساڵی 2018ز رێژەی مارەبڕین (39763) رێپێدان بە ژنی دووەم ( 89) پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی ( 3001) تەڵاق و لێکجیابونەوە ( 9192) .[31]

لە هەرێمی کوردستانیش تەنها لە ئاماری ساڵی 2016 لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك ئاماژە بەهۆکاری تەڵاق دراوەو لە پارێزگای سلێمانی ئاماژەی پێ نەدراوە، هۆکارەکان تەنها لەنێو دۆسیەو بڕیارەکاندایە ئەمەش بۆ خۆی کەموو کورتییەکی گەورەیەو ئامارەکان کرچوکاڵ دەردەچن و ناتوانرێت سوودی تەواوی لێ وەربگیرێت.[32]

## بەندی سێیەم/ کاریگەری لەسەر منداڵ و هەرزەکاران

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵان درووست دەکات هەر لەم سۆنگەوە دکتۆر( رانگان تشاتر جی) دەڵێت: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی ژیری منداڵان دروست دەکات، بڕوام وایە ئەمە کێشەیەکی گەورەیەو پێویستیمان بە هەندێك بنەما هەیە، وەك چۆنێتی ئاراستەکردنی کۆمەڵگا تا سوود لە تەکنۆلۆژیا وەرگرێت و یارمەتی دەری بێت نەك ببێتە مایەی زیان.

ژمارەیەك شارەزای بواری چاودێری منداڵان لە ئەمریکا نامەیەکیان ئاراستەی دامەزرێنەری فەیسبوك ( مارك زوکر بیرغ) کردووەو هانی دەدەن بەرنامەی گفتوگۆی ( ماسنجەر

کیدز) لابەرێت، دەڵێن هاندانی مێرد منداڵان بۆ بەکارهێنانی پێگەکە کارێکی نابەرپرسانەیە. [33]

رێکخراوی یونیسێف لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە 2017ز داوا لە کۆمپانیاکانی بواری تەکنۆلۆژیا دەکات، رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ پاراستنی منداڵان لە نێت، بەپێی راپۆرتەکە سێیەکی بەکارهێنەرانی نێت منداڵانن، بەڵام هەوڵێکی کەم هەیە بۆ پاراستنیان، هەروەها دەڵێت رۆژانە 170 هەزارکەس پەیوەندی دەکەن بە تۆڕەکانەوە.

راپۆرتی کۆمەڵەی (تشلیدرنز سۆسایەتی) بەریتانی لە میانەی ئامۆژگاری و راسپاردەکانیدا ئامۆژگاری حکومەتەکان دەکات وانەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت و کۆمپانیاکانی نێتیش لە پێدانی زانیاری هاوکاربن.[34]

بۆیە ئینەرنێت بەشێوەیەکی کاریگەر بەشدارە لەپرۆسەی دیاریکردنی دیدو بۆچوونی منداڵان و روداوەکان و هەڵوێست و راو بۆچوونیان مەترسیدارترینیان رەفتاری لادەرانەی منداڵانە کەزۆرجار سەر لەتاوانەوە دەردەکات.[35]

دیارە کاریگەری نێت لەسەر منداڵان و هەرزەکاران بازنەیەکی فراوان دەگرێتەوە لە باسەکەماندا زیاتر لەسەر یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەدوێین و ئاماژە بە کاریگەری و زیانەکانی دەکەین.

یارییە ئەلیکترۆنییەکان سەرجەم ئەو ئەپلیکەیشنەکان دەگرێتەوە کە پرۆگرام کراون بە ئامانجی یاری پێکردن و خۆشی وکات بەسەربردن.

رێژەی یاریکردن لەسەر نێت گەشتۆتە 41% ئەمەش رێژەیەکی بەرزە بەرامبەر بابەتەکانی تری بازاڕگەی ئەلیکترۆنی.

ئەمەو لە 87% ئەوکەسانەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێنن تەمەنیان لە خوار 25 ساڵەوەیە.[36]

### خراپی و زیانەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان:

- زۆربەی ئەو یاریانەی بەکاردێن لەلایەن منداڵان و هەرزەکارانەوە ناوەرۆکێکی خراپ و نەرێنییان هەیەو کاردەکەنە سەر گەشەکردنیان، هەروەها رێژەیەکی زۆری یارییە ئەلیکترۆنییەکان وا دەکات چێژو خۆشی لە کوشتن و برین و تێکدان و وێران کردن و پەلامار دان ببینن، هەروەها منداڵان و هەرزەکاران فێری هونەرو فێڵی تاوان کردن توندو تیژی و شەرەنگێزی دەکات.

- بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە یارییە ئەلیکترۆنییەکان هۆکاری زۆر کارەسات و ماڵ وێرانی وشەڕەگێزییە، بەهۆیەوە رێژەی تاوان وکوشتن و پەلاماردان وگێچەڵی سێکسی و ئەتك کردن .... تاد، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا زیادی کردووە. ئەم بەرهەمانەش بەناوی خۆشی و یاری وکات بەسەربردنەوە پێشکەش دەکرێت. هەروەها بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لە نێوان توندو تیژی لای منداڵ و بینینی دیمەنی توندو تیژی.

ئەمەو بەپێی توێژینەوەیەك کە( د. محمد سعید و . وجدی شفیق) لە کۆلیجی ئاداب زانکۆی( طنطا) ئەنجامیان داوە لەژێر ناونیشانی ( الآثار الاجتماعیة للإنترنت علی الشباب) بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە لە 50% ی بەشداربوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر کات هەیەو دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات و لە 52% ی بەشدار بوان دەڵێن تۆڕەکان زیانی بە پەیوەندی خێزانی هەیەو لە 60% ی بەشداربوان دەڵێن تۆڕەکان زیانی بە پەیوەندی خێزانی و کۆمەڵگا هەیە.[37]

- زیانی تەندرووستی: مانەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بە دیار کۆمپیوتەرو مۆبایلەوە مرۆڤ تووشی چەندین نەخۆشی لاشەیی و دەروونی دەکات وەك پشت ئێشە، کەم خەوی، خەو زڕان ، قەڵەوی، خەمۆکی و دڵە راوکێ ..... تاد.

- کاریگەری لەسەر ئاستی زانستی و رۆشنبیری منداڵان درووست دەکات وادەکات لە دەوامی قوتابخانە دوابکەون و خۆیان بدزنەوە لەکاتی دەوامدا شەکەت و خەواڵ و بن گوێی بیستی وانەکان نەبن وکەمتەرخەم بن لە جێبەجێکردنی ئەرکی قوتابخانەدا.

- فێری سەرەڕۆیی و جگەرە کێشان و نێرگەلەو تلیاك کێشان دەبن.

- فێری جنێوو دەستەواژەی ناشیرین و سووك و تانەو تەشەرە دەبن.

- پەیوەندی بەناو خۆشەویستی و سێکسی۔ وشزوز و ڕوت و قوتی دەبن.

- فێری هونەرو شێوازی دزی کردن و تاڵان و ماڵ خواردنی خەڵکی و قومارو ....تاد دەبن.

- وێران کردن و سووتانی ماڵ و خانوو کێڵگەو دارستان ...... تاد، دەبن.[38]

## باسی چوارەم/ ئاراستەو رێنمایی بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

### تەوەری یەکەم: ئاراستەو رێنمایی بۆ حکومەت و رێکخراوە مەدەنییەکان

بۆ رووبەڕوو بوونەوەی مەترسی و زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن و رێوشوێنی پێویست بگرنەبەرو لێرەدا ئاماژە بە چەند کارێکی پێویست دەدەین

1- داخستنی هەمووئەو سایت و پەیجانەی کە بەدرەوشتی و کاری سێکسی۔ و توندو تیژی بڵاو دەکەنەوەو شیرازەی کۆمەڵایەتی تێك دەدەن.[39]

2- وەزارەتی پەروەردە رێنمایی پێویست دەربکات وگشتاندنی پێ بکرێت بۆ سەرجەم قوتابخانەکان و لەلایەن کەسانی شارەزاوە چەند وانەیەك لە شێوەی کۆڕو سیمیناردا پێشکەش بە قوتابیان بکرێت.

3- هاندانی توێژەران تا توێژینەوەی زانستی بکەن سەبارەت بە مەترسی و زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر پرۆسەی پەروەردەو خوێندن.

4- رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێك لە چالاکی و کارەکانیان تەرخان بکەن بۆ هوشیاری جەماوەر لە زیان و مەترسییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

5- کەناڵەکانی راگەیاندن بەبەرنامەو ریکلامی بەردەوام خەڵکی هوشیاربکەنەوە لە زیان و مەترسییەکانی ئالوودە بوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.[40]

6- وەزارەتی ئەوقاف کۆڕو سیمینار بۆ وتار بێژەکان بکاتەوە تا ئـەوانیش لـە میانـەی وتارەکانیانـدا خـەڵکی هوشـیار بکەنەوە.[41]

**تەوەری دووەم: ئاراستەو ڕێنمایی خێزانی**

پێویسـتە خـێزان ڕۆڵی کـارای خـۆی ببینێـت سـەبارەت بـە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی خێزان لە زیان و مەترسییەکانی تۆڕەکان و لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ دەدەیـن تـا خێزانـەکان پـێی هەسـتن، تـا خۆیـان و نـەوەکانیان پارێزراوبن.

1- لەلایەن دایباب یان سەرپەرشتیاری منداڵەوە چاودێری بخرێتــە ســەر نــەوەکان لــەکاتی بــەکارهێنانی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات و ناوەڕۆکی تەوەروو بابەتەکانیان بۆ دیـاری بکـەن تـا بەهرەمەنـد بـن لەلایەنـە ئەرێنییـەکان و دووربن لەلایەنە نەرێنی و خراپەکان.

2- بەشــێوەیەکی کـارا ســوود لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان وەرگیرێـت وکـاتی زۆری پێـوە بـەفیڕۆ نـەدرێت وکـاتی بەکارهێنان دیاری کراوبێت.[42]

3- دایبـاب نـەوەکانیان بـەچاکی و لەسـەر ڕەوشـت بـەرزی و ئاکـاری جـوان پـەروەردە بکـەن فێریـان کـەن کەسـوود لەلایەنە باشەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببینن بەدووربن لەلایەنە خراپەکانی تۆڕەکان بەمەستی پاراستنی ڕەوشت و بەهاو هزرو بیروباوەڕیان.

4- ڕێنمـایی ئاراسـتەی نـەوەکان بکرێـت ئاگادار بکرێنـەوە لـەو مـەترسی و لادان و بـەد ڕەوشـتی و داوێـن پیسـییانەی لـە میانـەی تـۆڕە کۆمەڵایــە تییەکانــەوە بـڵاو دەکرێنــەوەو شیرازەی تاك و خێزان دەشێوێنن.

5- دایبـــاب خۆیـــان زۆر ســـەرقاڵ نەکـــەن بـــە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە لەبـەرچاوی منداڵـەکانیان چونکـە وادەکات ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی دایباب وەرنەگرن.[43]

## کۆتایی

لەپایانی توێژینەوەکەماندا دەخوازێت چەند دەرەنجامێك کەپێی گەیشتووین یاداشت کەین و چەند ڕاسپاردەیەك بخەینە ڕوو:

یەکەم: دەرەنجامەکان

1- دەکرێت سود لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەربگرین لە بواری خزمەتگوزاری پەیوەندی کەسی و پەروەردەیی و زانستی و ڕۆشنبیری وکاروباری حکومی وکەرتی تایبەت و ...تاد.

2- لــە نەرێنیــەکانی تــۆڕە کۆمەڵایەتیــەکان بڵاوکردنــەوەی بیروبــاوەڕی ڕوخێنــەر و نمایشــکردنی بابــەتی خــراپ و ئابروبەرانەو پێشێلکردنی مافە تاکەکەسی وگشتیەکان و ئەنجامدانی تاوانی دزی و فێڵ و ساختەکاری و .... تاد.

3- تێکدانی شیرازەی خێزان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و ئالوودە بوون و ڕوخانی بەها کۆمەڵایەتییە باشەکانی نێو کۆمەڵگا.

### دووەم: ڕاسپاردەکان

1- بڵاوکردنەوەی هوشیاری لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و خێزان و دایباب و ئاستی کەسی سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

2- کردنـەوەی خـول و ڕاهێنـان و سـیمینار و وۆرك شـۆپ و دیـداری کۆمەڵایـەتی سـەبارەت بـە مەترسـیەکانی تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

3- دەرکـــردنی یاســـای تایبـــەت ســـەبارەت بـــە تـــۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان و بەتاوان ناساندنی خـراپ بـەکارهێنانی تۆڕەکان ودانانی سزا بۆیان.

4- وانەی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت وکۆمپانیاکانی ئێتیش لە پێدانی زانیاری هاوکاری وەزارەتی پەروەردەبن.

5- ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و لەناوبردنی بێکاری و کردنەوەی دەرگای داهێنان بۆیان.

6- پێویسـتە خـێزان پێگەوکات دیاری بکات بـۆ منداڵـەکانی چوونکە منداڵان ئەو تواناو هوشیاریانەیان نییە لەدیاری کـردنی سـایت وپـەیجی گونجـاوو بـەرەو هەڵـدێرو لادان دەڕۆن.

7- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی جۆراوجۆر سەبارەت بە خراپی و نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنۆلۆژیا لـەژیانی منـداڵان، دانـانی چارەسـەروو میکانیزمی گونجـاو کـەباس لـە کاریگـەری دەروونی ئەوانـەی بـەزۆری ئێـت بەکاردێنن بکات و ئەوانـەی بەکاری نـاهێنن یان بەکـەمی بەکاری دێنن.

8- بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بۆ ڕێنمایی گەنجان و هەرزەکاران لە ڕوی زانسـتی و ڕۆشـنبیری و هـزری وکۆمەڵایەتیـەوە تـا پارێزراو بن لە نەرێنیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

9- هەوڵـدان بـۆ چانـدنی بیروبـاوەڕی ئیسـلامی و پـەروەردەو ئاکاری ئیسلامی و لەخوا ترسان و هەستکردن بەچاودێری خـوای گـەورە لـەناخی گەنجانـدا, هـەروەها فێرکردنیـان بەبــەها باڵاکــانی ئیســلام کــە ڕەســەنایەتی و داهێنــان دەپارێزێت ، لەگەڵ کرانەوە لەگەڵ ئەزمونی خەڵکانی ترو سـود بینـین لـە هـەموو شـتێك کـە چـاك و بەسـودە بـۆ کۆمەڵگا.

## پەراوێزەکان

[11] . د. رامي ناصر، شبكات التواصل الاجتماعي (حل أم مشكلة) – نموذج شبكات التعارف للزواج (2 من 4)، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی http://www.aranthropos.com/%D8%B4%D8%A8%D9%83%D8%

ونادية بن ورقلة، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية الوعي السياسي و الاجتماعي لدى الشباب العربي ، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی http://www.univ-djelfa.dz/revues/dirassat/index_htm_files/Makal11_12.pdf

بڕوانە، سلطان مسفر مبارك الصاعدي الحربي، الشبكات الاجتماعية خطر أم فرصة، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی، http://www.alukah.net/publications_competitions/0/40402

[2] . سەرچاوەی پێشوو

[3] . د سلطان مسفر بن مبارك الصاعدي , سەرچاوەی پێشوو.

[4] . د/ محمد محمد عبد المنعم و د/ الرشيد إسماعيل الطاهر ود/ زينب عبد الرازق غريب، أثر استخدام شبكات التواصل الاجتماعي على مهارات التواصل والشعور بالوحدة النفسية لدى طلبة جامعة الملك فيصل،

توێژینەوەکە بڵاوکراوەتەوە لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی www.minia.edu.eg/edu/images/Scientific-Journal/first-volume-2016/syed.doc

[5] . د محمد محمد عبد المنعم و د/ الرشيد إسماعيل الطاهر ود/ زينب عبد الرازق غريب، ، سەرچاوەی پێشوو.

[6] . طاوس وازي، و أ.عادل يوسف خوجة، وسائل التكنولوجيا الحديثة و تأثيرها على الاتصال بين الاباء و الابناء -الانترنت والهاتف النقال نموذجا https://manifest.univ-ouargla.dz/index.php/archives/archivلەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ،

[7] . د. رامي ناصر، المصدر السابق. وانظر سلطان بن مسفر، سەرچاوەی پێشوو.

[8] . د. أمل كاظم حمد، ادمان الأطفال والمراهقين على الإنترنت، مجلة العلوم النفسية، العدد 19، ص111.

[9] . د. مصطفى أبو سعد، الإدمان الإلكتروني، المظاهر، التشخيص، العلاج، محاضرة القيت في مؤتمر تربية الثاني في اسطنبول بتأريخ 2019/7/28م.

[10] . زاناو پزیشکی دەروونی ئەمریکی پسپۆڕو شارەزای بواری ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

[11] .بروانە(ادمان الانترنت) لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A5%D8%AF%D9%85%D8%A7%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%86%D8%AA%D8%B1%D9%86%D8%AA

[12] .الشيخ عبدالله اليوسف، مخاطر الإدمان على وسائل التواصل الإلكتروني،https://annabaa.org/arabic/ethics/18323 ، بروانە ، ادمان الإنترنت، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A5%D8%AF%D9%85%D8%A7%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9 بروانە ، د. مصطفى أبوسعد، سەرچاوەی پێشوو، بروانە، د. عبدالكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الإجتماعي ( التوجيه والحماية) الطبعة الأولى 1438هـ- 2017م، دار وجوه للنشر والتوزيع، الرياض، المملكه العربية السعودية, لاپەڕە 55- 56 وەلاپەڕە 87-90.

[13] . حسين عزام، شبكات التواصل الاجتماعي... ايجابيات وسلبيات، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی http://asdaapress.com/?ID=608&cat=9 ،

[14] د. شريف درويش اللبان، الضوابط الأخلاقية والتشريعية لشبكات التواصل الاجتماعي في الدول العربية، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، بروانە ، سلطان بن مسفر، http://www.acrseg.org/39122 سەرچاوەی پێشوو. ، د. محمد علي صالح الغامدي، الإنترنت وخطره، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، http://www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?t=240216

[15] .د. شريف درويش اللبان، الضوابط الأخلاقية والتشريعية لشبكات التواصل الاجتماعي في الدول العربية، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، بروانە ، سلطان بن مسفر، http://www.acrseg.org/39122 سەرچاوەی پێشوو. ، د. محمد علي صالح الغامدي، الإنترنت وخطره، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، http://www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?t=240216

[16] . د. شريف درويش اللبان، سەرچاوەی پێشوو.

[17] .د. أمل كاظم حمد، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 113.

[18] . سلطان بن مسفر، سەرچاوەی پێشوو, بروانە، د. شريف درويش اللبان, سەرچاوەی پێشوو ..

[19] طاوس وازي، و أ.عادل يوسف خوجة، سەرچاوەی پێشوو.

[20] - سەرچاوەی پێشوو.

[21] .الخيانة الإلكترونية .... مواقع التواصل الإجتماعي تهدد الحياة الزوجية، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.aljazeera.net/news/women/2019/3/4/%D8%A7%D9%84%D

22 .دلال العكيلي، فيسبوك وجه الطلاق الجديد، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://annabaa.org/arabic/informatics/9427

[23] . دلال العكيلي، سەرچاوەی پێشوو

[24] . سەرچاوەی پێشوو

[25] سەرچاوەی پێشوو

[26] . سەرچاوەی پێشوو

27. سەرچاوەی پێشوو.

- ، بروانە احصائيات الطلاق بالعراق تدق جرس الذعر في المجتمع، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/120755/%D8%A5%D8%AD%D8%B5%D8%A7%D8%A1%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B7%D9%84%D8%A7%D9%82-

بروانە ، احمد حسين خليل، وحش الطلاق في العراق 10 حالات كل ساعة، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D9%88%D8%AD%D8%B4-

[28] .موقع محلس القضاء الأعلى في العراق، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://www.hjc.iq/index-ar.php

[29] .ماڵپەڕی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، لەسەر لینکی http://www.krjc.org/ئەلیکترۆنی،

[30] . سەرچاوەی پێشوو

[31] . سەرچاوەی پێشوو

[32] سەرچاوەی پێشوو

[33] . تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على الأطفال واليافعين لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.alhtoon.com/17241/

[34] . مروة الأسدي، أبناء الألفية الثالثة: ضحايا عصر مواقع التواصل الاجتماعي، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://m.annabaa.org/arabic/informatics/14406

[35] .أمل كاظم حمد، إدمان الأطفال والمراهقين على الإنترنت وعلاقته بالانحراف، مجلة العلوم النفسية، العدد 19.

[36] . د. عبدالكريم بكار، سرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 95-96، بروانە، اسماعيل حاجی زەڵمی، کاریگەرییە نەرێنییەکانی یاریيە ئەلیکترۆنییەکان، بابەتی سیمینارێکە بەشێوەیppt.

[37] . الدكتور اسماعيل أمين نواهضة، والدكتور مأمون اسماعيل النواهضة ، ضوابط استخدام وسائل الإتصال الحديثة

[38] . اسماعيل حاجی زەڵمی، سەرچاوەی پێشوو.

[39] . د محمد علي الصليبي، وسائل التواصل الاجتماعي في ميزان المقاصد الشرعية، ص 87- 89

[40] . د. عبدالله عبدالمنعم عبداللطيف العسيلي والقاضي مازن خليل محمد الجبريني، وسائل التواصل الحديثة وأثرها على العلاقات الأسرية، ص208-209

[41] . الشيخ محمد أحمد حسين" الضوابط الشرعية لإستخدام وسائل التواصل الحديثة، ص 73 ، وانظر، د محمد علي الصليبي، وسائل التواصل الاجتماعي في ميزان المقاصد الشرعية، ص 87- 89

[42] .الدكتور اسماعيل أمين نواهضة، والدكتور مأمون اسماعيل النواهضة ، ضوابط استخدام وسائل الإتصال الحديثة، ص 43-46

[4343] . التأثيرات السلبية لشبكات التواصل الاجتماعية ، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://www.almaaref.org/books/contentsimages/books/zad

بروانە ، خالد عبد العزيز أسعد، نحو استخدام واع وآمن للانترنت، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ،https://www.sites.google.com/a/maksorb.tzafonet.org.il/maksorb

بروانە" شكري عبدالحميد حماد، أثر وسائل التواصل الحديثة على العلاقات الاجتماعية والأسرية، ص 20-21

## سەرچاوەکان

1. د. عبدالكريم بكار، أولادنا ووسائل التواصل الإجتماعي( التوجيه والحماية) الطبعة الاولى 1438هـ- 2017م، دار وجوه للنشر والتوزيع، الرياض، المملكه العربية السعودية.
2. سلطان مسفر مبارك الصاعدى الحربى، الشبكات الاجتماعيه خطر أم فرصة، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی، http://www.alukah.net/publications_competitions/0/40402 , مێژووی سەردان، 2019/7/25ز.
3. د. رامى ناصر، شبكات التواصل الاجتماعى (حل أم مشكلة) – نموذج شبكات التعارف للزواج (2 من 4)، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی, http://www.aranthropos.com/%D8%B4%D8%A8%D9%83%D8% , مێژووی سەردان، 2019/7/25ز.
4. نادية بن ورقلة، دور شبكات التواصل الاجتماعي فى تنمية الوعى السياسي و الاجتماعي لدى الشباب العربي، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، http://www.univ-djelfa.dz/revues/dirassat/index_htm_files/Makal11 , مێژووی سەردان، 2019/7/25ز.
5. حسنى عزام، شبكات التواصل الاجتماعى... ايجابيات وسلبيات، لەسەر http://asdaapress.com/?ID=608&cat=9 , لینکی ئەلیکترۆنی ، مێژووی سەردان، 2019/7/25ز.
6. د/ محمد محمد عبد المنعم و د/ الرشيد إسماعيل الطاهر ود/ زينب عبد الرازق غريب، أثر استخدام شبكات التواصل الاجتماعى على مهارات التواصل والشعور بالوحدة النفسيه لدى طلبه جامعه الملك فيصل، لەسەر www.minia.edu.eg/edu/images/Scie لینکی ئەلیکترۆنی ، مێژووی سەردان، 2019/7/20ز.
7. د. شريف درويش اللبان، الظوابط اخلاقية والتشريعية لشبكات التواصل الاجتماعى فى الدول العربية، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، http://www.acrseg.org/39122 , مێژووی سەردان، 2019/7/20ز.
8.المراهقون... ومواقع التواصل الاجتماعى، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، http://www.islamtoday.net/nawafeth/artshow-48-178446.htm ، مێژووی سەردان، 2019/7/28ز.
9. د. طاوس وازى، و أ. عادل يوسف خوجه، وسائل التكنولوجيا الحديثة و تأثيرها على الاتصال بين الاباء و الابناء، - الانترنيت و الهاتف النقال نموذجا- لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://manifest.univ-ouargla.dz/index.php/archives/archiv , مێژووی سەردان، 2019/7/28ز.
10.التأثيرات السلبية لشبكات التواصل الاجتماعي، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.almaaref.org/books/contentsimages/books/zad , مێژووی سەردان، 2019/7/28ز.
11.د.محمد على صالح الغامدي، الإنترنت وخطره، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، http://www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?t=240216 ، مێژووی سەردان، 2019/7/28ز.
12.خالد عبد العزيز أسعد، نحو استخدام واع وامن للانترنت، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ،https://www.sites.google.com/a/maksorb.tzafonet.org.il/maksorb/ ، مێژووی سەردان، 2019/7/28ز.
13.د. أمل كاظم حمد، ادمان الاطفال والمراهقين على الإنترنت، جامعة بغداد مجلة العلوم النفسية، العدد 19.
14.ادمان الانترنت، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A5%D8%AF%D9%85%D8%A7%D9%86_%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%86%D8%AA%D8%B1%D9%86%D8%AA, مێژووی سەردان، 2019/8/15ز.
15.مروة الاسدي، أبناء الالفية الثالثة: ضحايا عصر مواقع التواصل الاجتماعى، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://m.annabaa.org/arabic/informatics/14406 ، مێژووی سەردان، 2019/8/25ز.
16.الخيانة الإلكترونية .... مواقع التواصل الإجتماعى تهدد الحياة الزوجية، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.aljazeera.net/news/women/2019/3/4/%D8%A7%D9%84%D . مێژووی سەردان، 2019/8/15ز.
17.تأثير مواقع التواصل الاجتماعى على الاطفال واليافعين ، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.alhtoon.com/17241/ , مێژووی سەردان, 2019/8/25.
18.الشيخ عبدالله اليوسف، مخاطر الإدمان على وسائل التواصل الإلكترونى، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://annabaa.org/arabic/ethics/18323 ، مێژووی سەردان, 2019/8/15 ز.
19. دلال العكيلى، فيسبوك وجه الطلاق الجديد، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی https://annabaa.org/arabic/informatics/9427 ، مێژووی سەردان, 2019/8/15ز.
20.احصائيات الطلاق بالعراق تدق جرس الذعر في المجتمع، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/120755/%D8%A5%D8%AD%D8%B5%D8%A7%D8%A1%D8%A7%D8%AA- , مێژووی سەردان، 2019/8/15
21.احمد حسين خليل، وحش الطلاق فى العراق 10 حالات كل ساعة، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://ultrairaq.ultrasawt.com/%D9%88%D8%AD%D8%B4 ، مێژووی سەردان 2019/8/15ز.
21. موقع مجلس القضاء الاعلى فى العراق، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی ، https://www.hjc.iq/index-ar.php ، مێژووی سەردان ، 2019/9/4ز.
22. د. مصطفى أبو سعد، الإدمان الإلكتروني، المظاهر، التشخيص، العلاج، محاضرة القيت في مؤتمر تربية الثاني في اسطنبول بتأريخ 2019/7/28م.
23. اسماعیل حاجی زەلمی، کاریگەرییە نەرێنییەکانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان،بابەتی سیمینارێکە بەشێوەی ppt.
24. ماڵپەری ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، لەسەر لینکی ئەلیکترۆنی، http://www.krjc.org/ مێژووی سەردان، 2019/9/4ز.
25. د محمد علي الصليبي، وسائل التواصل الاجتماعي في ميزان المقاصد الشرعية، بحث منشور في مؤتمر العلمي الدولي السنوي الرابع لجامعة النجاح الوطنية- نابلس 2014م.
26- الشيخ محمد أحمد حسين" الضوابط الشرعية لإستخدام وسائل التواصل الحديثة، وانظر، د محمد علي الصليبي، وسائل التواصل الاجتماعي في ميزان المقاصد الشرعية، بحث منشور في مؤتمر العلمي الدولي السنوي الرابع لجامعة النجاح الوطنية- نابلس 2014م.
27- الدكتور اسماعيل أمين نواهضة، والدكتور مأمون اسماعيل النواهضة ، ضوابط استخدام وسائل الإتصال الحديثة، بحث منشور في مؤتمر العلمي الدولي السنوي الرابع لجامعة النجاح الوطنية- نابلس 2014م.
28- شكري عبدالحميد حماد، أثر وسائل التواصل الحديثة على العلاقات الاجتماعية والأسرية، بحث منشور في مؤتمر العلمي الدولي السنوي الرابع لجامعة النجاح الوطنية- نابلس 2014م.
29- د. عبدالله عبدالمنعم عبداللطيف العسيلي،والقاضي مازن خليل محمد الجبريني، وسائل التواصل الحديثة وأثرها على العلاقات الأسرية،بحث منشور في مؤتمر العلمي الدولي السنوي الرابع لجامعة النجاح الوطنية- نابلس 2014م.